# پەیامێك بۆ رۆژهەڵات

**کەریم کاکە**

**لە هەولێرەوە قسە دەکەم... لەو پایتەختەی جێگەی بڵندگۆیەکی لێنابێتەوە، کە دەنگی راستینەی ئێوە بڵند بکاتەوەو بیگەیەنێ....**

**رۆژهەڵاتی هەمیشە رۆژ لێگیراو، رۆژهەڵاتی ژێر عەبای پڕ نەهامەتی ئیسلام، ئەو عەبایەی خومەینی لە معاویەوە وەریگرت و وەك دیارییەکی عەلی بەسەر ئێوەدا هەڵیدا.... سڵاوتان لێبێت سڵاوی نائاشنا بە ئیسلام و سڵاوی دوور لە سیاسەت و دوورتر لە ((کوردایەتی!)).**

**دەڵێن دنیا تادێ بچوکدەبێتەوە.. دەڵێن تا دێ نەتەوەکان بەیەکدی ئاشناترو پتر لێکدی نزیکدەبنەوە، بەڵام کورد رێك پێچەوانەی دنیایەو لەگەڵ جیهانگەرایی تێکناکاتەوە... ئەوەتا تادێ لێکدی دوور دەکەونەوە، پتر پێکتر نامۆو نائاشنا دەبن....**

**من لە باشوورەوە قسە دەکەم.. ئەو باشوورەی رابردووەکەی گەورەترین قوتابخانەی براکوژی بووە، لێرەوە وانەی براکوژی بە باکووری و رۆژهەڵاتی و رۆژئاواییەکان دەگوترایەوە، ئەو باشوورەی بۆشاییەکانی کوردایەتیی بە براکوژی پڕکردەوە، ئەو باشوورەی ئێوەو ئەوانی دی خەونە رۆژهەڵاتی و باکووری و رۆژئاواییەکانتان وەك منارەی چۆلی تیا هەڵدەچنی... باشووری ئێستا هەندێ جار گەمژانەو جارجارەش ((دوژمنانە))، رایەڵی نێوانمان دەپچڕێنێ و ئاشنایەتی خوێن دەکوژێت.. تا دێ لێکدی دوور دەکەوینەوە... هێڵێك نەما خەمەکانمان لێك گرێ داتەوە، ئەوەی ماوە زمانێکە زمانێکی ((رێکەوتی)).**

**رۆژهەڵاتی بن عەبای ئایەتوڵلاو ئاخوندەکان.. ئێمەی باشوورییەکان، ئەمجارە لەسەر دەستی ئایەتوڵلا سیستانی ئێرانی خۆمان لە عێراق مارە بەجاش کردەوە، ئێمە ئیدی وەك عەلی کیمیاوی عێراقین و ئێوە دەست لە باشووری دڵتان بشۆن.. ئێمە لە دیدی سیستانی و ئەو ریشدارانەی دوێنێ جاشی تاران و ئەمڕۆ حاکمی بەغدان، ئێران دەخوێنینەوە.. کاتێ پاسدارە ئەسحابەییەکان دەکەونە گیانی ئێوە، ئێمە لە پشتی سیستانی نوێژ دادەبەستین و دروود بۆ گۆڕی خومەینی دەنێرین...**

**رۆژهەڵاتی رۆژ نەدیتی.. ئێمە لە راپەڕینی (91)ەوە ئەو راپەڕینەی لە یەکەم تەکانیدا سەرەنگری بوو، ئەزموونێکمان وەرگرت و وەك بەرنامەی خۆلاوازکردن لەسەری دەڕۆین، ئەزموونێك: ئامادەین ماڵی خۆمان کاول بکەین لە پێناوی دڵڕاگرتنی تیرۆریستەکانی تاران و**

ئەنقەرەو دیمەشق و بەغدا.. ئامادەین بە ناو خوێنی رۆژهەڵات و باکوورو رۆژئاوا، بە مەلەکردن و بێ ماندووبوون بەڕێکەوین بۆئەوەی بگەینێ و تەوقە لەگەل ئیتلاعات و میت و موخابەرات بکەین..

من لە باشوورەوە (ببوورن لە باکووری عێراقەوە) قسە دەکەم.. ئەو کوردستانەی لەسەر زاری ئێمەیە زۆر جیایە لەو لێکدانەوەیەی لە هزری ئێوەدایە، کوردستانی ئێمە جوگرافیایەکی دیاریکراو نییە... رووبەرێکە لە گەمەی سیاسەت، گەورە دەبێ و بچووکدەبێتەوە، جاری وا هەبووە کەوتۆتە ناو جوگرافیای هەولێر یاخود سلێمانییەوە... ئەو (کوردستانی)یەی ئێمە لە پێناسەیەکی نهێنیمان بۆی هەیە، هەرگیز لەگەڵ ئەو پێناسەیە تێکناکاتەوە، کە لای ئێوەو ئەوانی دی هەیە، (کوردستانی) لای ئێمە کەسێکە لە رۆژێکدا دووجار ناسنامەکەی دەگۆڕێ، بەیانییەکی عیراقییە، ئێوارەکەی کوردستانی، شەوانیش نازانم.

رۆژهەڵاتیانی بەر غەزەبی کوماری ئیسلامی کەوتوو، قەد چاوەڕێ مەبن، سەرکردەکانمان، داخوازییەکانی ئێوە لە رستەیەکی کوردستانیانەی بێ تەمومژ گۆ بکەن و بە دنیای رابگەیەنن، چاوەڕێ مەبن لە ئاست ئەو هەموو کارە وەحشیگەرانەی کۆماری ئیسلامی بە ئێوەی دەکات، ئەگەر هەر بۆ شۆخیش بێت، ستۆپێك لە کۆماری ئیسلامی بکەن.... بەسەرچوو رۆژانی پێش فریودان. بەناوی دیپلۆماسییەتەوە لە خشتەیان بردین، ئەگەر ئاپۆ لە زیندانیدا دەسبەرداری کوردستان بووبێت، سەرۆکەکانی ئێمە لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی کوردستانیان لە بن دەست دەرهات و گیانی کوردستانیبوونیان وێران کرد...

من لێرەوە، لە هەولێرەوە، لە شاری مزگەوتەوە، ئەو مزگەوتانەی لە هەموو باسێ هەڵدەدەنێ، جگە لە نەهامەتییە گەورەکانی کوردو جگە لە دڕندەیی کۆماری ئیسلامی قسە دەکەم... شەرمەزارم لە ئاست بێدەنگی باشوور.

هەولێر 2005-8-8